# سیاسەتکردن یان خۆ لە بیرچوون؟!

✍ م/ خليل فهمی عمر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بێگومان ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەخۆ، وە هیچ لایەنێکی فەرامۆشو پەراوێز نەکردووە، بەڵکو هەموو لایەنەکان باسیان لێکراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾﴾ [النحل: ٨٩] .

واتە: ئەم قورئانمان بۆ ناردی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تا هەموو شتێك ڕوون بکاتەوەو ببێتە ڕێنمایی‌و ڕەحمەت‌و مژدە بۆ موسڵمانان .

بۆیە یەکێك لەو بوارانەی کە ئیسلام لێی دواوەو باسی کردووە بواری سیاسەتە، کەواتە سیاسەتی شەرعی بەشێکە لە دین، وە موسڵمان پێویستە بڕوای پێ هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی موسڵمان مەنهەجێکمان هەیە هەموو کارەکانی بۆ لا دەگەڕێنینەوەو پێی دەپێوین ئەویش: قورئان وسوننەتە بەتێگەیشتنی سەلەف لە هاوەڵانو شوێن کەوتووانیان، وە بڕوامان وایە کە ئەو قورئان‌و سوننەتە چارەسەری هەموو کێشەکانمان بۆ دەکات، وە بە هیچ شێوەیەك

سەرگەردانو سەر لێشێواو نابین گەر بە تەواوی بگەڕێینەوە بۆ لای، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:
(قَدْ تَرَكتُ فِيكُمْ مَا إن اعتصمتُم به فلَنْ تَضِلُّوا أبدا كتَابَ اللَّهِ وَسُنَّتِي)[1] .

واتە: ئەی خەڵکینە من دوو شتم لە دوای خۆم بۆتان بەجێ هێشتووە، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن: قورئانەکەی خوای پەروەردگارو سوننەتەکانی خۆمە.

لەبەر ئەوە کارێك بە چاك دەزانین کە شەرع بە چاکی بزانێت، هەروەها کارێك بەخراپ دەزانین کە شەرع بەخراپی بزانێت .

دیارە هەموو کەسێکی بە ویژدان دەبینێتو دەبیستێتو دەزانێت لێرەو لەوێ کە چۆن موسڵمانان دورکەوتونەتەوە لەدینەکەیان وەچۆن دوژمنانی ئیسلام بە داخەوە زاڵ بوونە بەسەرمانداو خێرو بێری وەڵاتەکەمان دەبەن، بە شێوەیەك کە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووە، سەرباری ئەوەش دوژمنان بوونەتە دەم ڕاستو دەم سپیمان، ئەوان دێن بۆ وڵاتی موسڵمانان تاوەکو کێشەکان چارەسەر بکەن، تۆ بڵێیت ئەو چارەسەرەی کە دوژمنی بە دۆست دانراو دایئەڕێژێت چارەسەری حەقیقی و یەکلاکەرەوە بێت؟!!!

هەروەها چۆن تەفرەقەو جیاوازیو پەرتەوازەیی کەوتۆتە نێوانمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ئەو تەفرەقەو پەرتەوازەییە هەر بەنەخۆشیو ناخۆشی و بەڵا نازانێت!!، بەڵکو چارەسەرەکان بەنەخۆشیو نەخۆشییەکانیش بەچارەسەر دەزانێت!!، وە هەندێکی تریش کێشەکان دەگەڕێننەوە بۆ شتانێکی نا مەنتیقو ناڕەوا.

هەر بۆیە موسڵمانان تەفرەقەو جیاوازیو جیاڕایی کەوتۆتە نێوانیان، وە بوونەتە چەندەها گروپو حزبەوە، وە لەژیانێکی تەسكو پڕ لە ناخۆشیو دوور لە ئاسایشو هێمنی ژیان دەگوزەرێنن.

بۆیە هەر یەکە لەو حزبانە ویستویەتی لەلای خۆیەوە لە هۆکارەکانی ئەو ژیانە تاڵ ودژوارە

---
(1) (رواه الحاكم، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: 40) .

بکۆڵێتەوەو چارەسەرێکی بۆ دارێژێ، بۆیە هەر چاکسازێك شێوەیەکی بە چارەسەر زانیوە بۆ کێشەکان.

لەبەر ئەوە لە ئەنجامدا حزبە ئیسلامیەکان دەبن بەدوو بەشەوە بۆ گۆڕینو چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە:

**یەکەم**: بەشێکیان پێیان وایە بە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیادی لە ڕێگەی دیموکراسیو پەرلەمانو هەڵبژاردنەوە حوکمی ئیسلام دەگێڕنەوەو کێشەکان چارەسەر دەکەن.

**دووەم**: بۆچوونی دووەم دیسان پێیان وایە چارەسەری ئەم کێشانە بەگرتنە دەستی دەسەڵاتی سیادی دەکرێت، بەڵام بە ڕێگەی زەبری هێزو جەنگو شوڕش کردنو خۆکوژی .

**هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم دوو بۆچوونە:**

هیچ یەکێك لەم دوو بۆچوونە هۆکاری هەموو ئەم بەڵایانە کە بەسەر موسڵماناندا هاتووە ناگێڕنەوە بۆ خۆمان، واتە هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونە ئیعترافی تێدا نییە بە خراپ بوونو لادانو دوورکەوتنەوەی موسڵمانان لە دینەکەیان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ ئیصلاح بوونی خەڵکی بە پێویستو زەرورەت نازانن، چونکە هەردوو بۆچوونەکە وایدەزانن سەرچاوەی هەموو کێشەکان حوککامو کاربەدەستانن، لەبەر ئەوە دەڵێن پێویست ناکات خۆمان خەریك بکەین بە خەڵکەوە، چونکە سوڵتە گرنگە، وە بە چاك بوونی سوڵتە خەڵکی بۆ خۆی چاك دەبێت.

بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی دورکەوتنەوەی موسڵمانانە لە دینەکەیان شوێن کەوتنی دونیایە، هەروەك پێغەمبەرەکەمان ﷺ بۆی باسکردووینو دەفەرموێت:

(يُوشِكُ الْأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ؟ قَالَ: بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمْ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهْنَ، فَقَالَ

قَائِلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْوَهْنُ ؟ قَالَ: حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ)[2] .

**واته**: میللەتان بەسەرتاندا زاڵ دەبن‌و رووتان تێ دەکەن هەروەکو چۆن خەڵکی دەرژێنە سەر خواردن، کەسێك وتی ئایە بەهۆی کەمیمانەوەیە لەو رۆژەدا؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی نا ئێوە لەو رۆژەدا زۆرن بەلاَم وەکو کەفی سەر دەریا وان، وەخودای گەورە ترس لە دڵی دوژمنانتان دەردەکات بەرامبەر بەئێوە، وە (الوهن) دەخاتە دڵی ئێوەوە، کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ وەهن چییە؟ فەرمووی: **<u>خۆشەویستی دنیاو پێناخۆش بوونی مردنە</u>** ) 

**لەبەر ئەوە** هەردوو بۆچوونەکە بەهەڵەداچوون، چونکە بەراستی لە تەشخیصی نەخۆشیەکاندا هۆکاری سەرەکی توشبوون بەو نەخۆشییانەیان نەدۆزیەوە، لەبەر ئەوە دەواکانیان چارەسەری نەخۆشیەکان ناکات، بەڵکو زۆربەی جاریش نەخۆشیەکان زیاتر دەکات، بەڵگەش لەسەر ئەم راستیە واقیعی کوردستانی خۆمانە کە هەردوو بۆچونەکەمان بینی سەرکەوتوو نەبوون نە لەبواری سیاسیو پەرلەماندا کە پۆستە سیادیەکان بەدەست بهێنن، تاوەکو لەرێگەی دەسەلاَتو سوڵتەوە خەڵکی بگۆڕن بەوەی کە زیاتر دەست گرتوویان بکەن بە ئیسلامەوە(هەروەك دەڵێن)، هەروەها بە رێگای جەنگو شۆڕشیش بەهەمان شێوە سەرکەوتوو نەبوون هەروەك بینران، ئەوەتا لەجیهانیشدا شوێنەواری کارو جیهادەکەیان دیارە کەچەندەها زیانیان گەیاندە موسڵمانان، نموونە بوون بۆ ئەو پەندە کە دەڵێت: (خانوویەکیان دروست کرد، بەلاَم شارێکیان بە رووخاندا) .

**ئایا چارەسەر چییەو لەچییەوە دەست پێ بکەین تاوەکو سەرکەوین بەسەر دوژمندا؟**.

دیارە ئێمەی موسڵمان مەنهەجێکمان هەیە کە بڕوامان وایە چارەسەری هەموو

(2) (صحيح، أخرجه الامام أحمد في: (المسند) (278/5)، وصححه العلامة الالباني ـــ رحمه الله ـــ في (سلسلة الأحاديث الصحيحة: 958) .

کێشەکانمان دەکات گەر بەتەواوی بگەڕێینەوە بۆی، ئەویش: قورئان وسوننەتی پێغەمبەرەکەمانە ﷺ لەبەر ئەوە پێویستە بزانین ئەو پێغەمبەرە ﷺ چۆن ڕووبەڕووی ئەو واقیعەی خۆی بۆتەوە، وە لە چییەوە دەستی پێ کردو گۆڕانی لە کوێوە کرد چونکە ئەو سەرمەشقو پێشەنگمانە:

﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ٢١ ﴾ [الأحزاب: ٢١] .

پێغەمبەری خوا ﷺ سیانزە ساڵ لە مەککەی پیرۆزدا بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ تەوحیدو یەکخواپەرستی، بە پێچەوانەی بانگەوازی زۆرێك لە گروپو حزبەکان کە تەنها هەوڵ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتو حوکم دەدەن، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دەیزانی کە چارەسەر بە پەروەردە کردنی خەڵك دەبێت لەسەر ئیسلام نەك بە گرتنە دەستی حوکمو دەسەڵات، ئەوەتا سەرانو سەرکردەی کافرەکان پێی دەڵێن:

(**وإن كنت تريد به شرفاً، سودناك علينا، حتى لا نقطع أمراً دونك، وإن كنت تريد به ملكاً، ملكناك علينا..**)[3].

واتە: ئەگەر تۆ مەنصەب وپلەت دەوێ، ئەوە دەتکەین بەپێشەواو گەورەی خۆمان، هەتاوەکو کەس قسە لە قسەی تۆدا نەکات (نەوەکو سەرکردەیەکی کارتۆنی بیتو هیچت بەدەس نەبێ)، خۆئەگەر پادشایشت دەوێت ئەوە دەتکەین بەپادشاو مەلیکی خۆمان ...)

**کەواتە** کێشەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کافران دا ململانیەی دەسەڵات نەبوو، بەڵگو کێشەی ئەو نەهێشتنی شیركو بڵاوکردنەوەی تەوحیدو تەنها خواپەرستی بووە، لەبەر ئەوە بانگەوازی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) تەنها ئەوەبوو کە دەیان فەرموو: ئەی خەڵکینە لە خوابترسنو گوێڕایەڵی خوا بکەن، وە ئێمە داوای هیچ شتێکتان لێ ناکەین بەڵکو پاداشتی ئێمە لای خوایە:

(3) (البداية والنهاية: 63/3).

﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾[الشعراء: ١٠٧ – ١٠٩] .

واتە: بێگومان من نێرراوێکی ئەمینم بۆتان، جا کەواتە لە خوا بترسن‌و گوێڕایەڵی من بکەن لەوەی فەرمانتان پێدەکەم، لە جیّ بەجیّ کردنی ئەو ئەرکەشمدا داوای پاداشتان لێ ناکەم، پاداشتی من تەنها لەلای پەروەردگاری جیهانەکانە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد بەخەڵکی هەژارو سادەوە، وە بانگەوازی ئەوانی زیاتر دەکرد وەك لە پادشاو سەرۆك وڵاتەکان، تاوەکو پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێ جار زۆر خەفەتبارو بێزار دەبوو لە کاتێکدا کە خەڵکی ئیمانیان نەدەهێنا، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾﴾ [فاطر: ٨] .

بەڵکو خەریك بوو نەفسی خۆی بە هیلاك دەبرد لە پێناویاندا: ﴿فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَىٰ آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَٰذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا ﴿٦﴾﴾[الكهف: ٦] .

هەر بۆیە لە شارو گوندو بازاڕو ماڵەکاندا بەردەوام بانگەوازی خەڵکی دەکرد، بەلاّم بۆ بانگەوازی کردنی پادشاو سەرکردەکان زیاتر بە نوسینی نامەیەکی کورت بانگەوازی دەکردن‌و بە سەفیرێکدا ئەو نامەیەی پێدەگەیاندن، بەلاّم بۆ خۆی نەدەچوو بۆ لایان، نموونەی دەقی یەکێك لەو نامانەش ئەمەیە: (بِسْمِ اللَّهِ الرحمن الرَّحِيمِ مِن مُحَمَّدٍ عبد اللَّهِ وَرَسُولِه إلى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ سَلَامٌ على من اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ الله أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَعَلَيْكَ إِثْمُ الْأَرِيسِيِّينَ: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾(5) [آل عمران: ٦٤] .

(5) (صحيح البخاري: 1658/4).

ئەگەر بەراوردێکی بانگەوازە پڕ بەحیکمەتەکەی پێغەمبەری خواﷺ بە بانگەوازی حزبێکانی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین زۆر لەیەك دوورو جودان، پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم شتێك کە دەستی پێ دەکرد پاك کردنەوەی عەقیدە بوو لە شیرك، بەلاّم دەبینین حزبێکانی ئەمڕۆ دەلّێن واز لەشیرکی قبور بێنن خۆتان خەریك کەن بەشیرکی قصورەوە، بەلاّم ئەوەتا لە سەردەمی پێغەمبەری خوداﷺ یەکێك لە پادشا گەورەکانی ئەو سەردەمە موسلّمان دەبێت ئەویش نەجاشی یە کە پادشاو مەلیکی حەبەشە بوو، پێغەمبەری خواﷺ هیجرەت ناکات بۆ لای تاوەکو دەسەلاّتەکەی لێ وەربگرێتەوەو خۆی ببێت بە سەرۆك، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەزانێت گەر بێتو گەلان بە قەناعەتو بڕوابوونەوە ئیسلامیان نەوێ، ئەوە لە ژێر سێبەری دەسەلاّتیشدا هەر نایانەوێت.

**کەواتە: حکومەتو سولّتە سێبەری خەلّکەو خەلّك چۆن بوو ئەوە سولّتەش بەو شێوەیە دەبێت** ﴿کما تکونوا یولی علیکم﴾

کەوابوو گەر خەلّکی باش بێت ئەوە خوای گەورەش کەسی باش دەکات بە سەرکردەیان، گەر خەلّکیش خراپ بوو ئەوە بەپێچەوانەوە خوای گەورەش کەسی خراپ دەکات بە سەرکردەیان، ئەمەش ڕاستیەکی مێژوویە ئەوەتا خوای گەورە فیرعەون زالّ دەکات بەسەر قەومەکەیدا، چونکە قەومەکەی خراپەکارن، وە ئەوان لەو ئاستەدان کەفیرعەونێکی ستەمکار سەرکردەو پێشەوایان بێت، خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ٥٤ ﴾ [الزخرف: ٥٤] .

واتە: جا فیرعەون بەم قسانە قەومەکەی خروشاندو هەلّیخەلّەتاندنو عەقلّیانی سوك کردو ئەوانیش گوێڕایەلّیان کرد، بەڕاستی ئەوانە گەلێکی فاسقو تاوانبارو لە سنوور دەرچوو بوون .

ئـەوەتا خـوای گـەورە وەسـفی ئـەو قەومـە دەكـات بـەوەی كـە قـەومێكی خـراپو لـەرێ لادراو فاسـق بـوون، هـەر بۆیە خوای گـەورە فێرعـەونی بـۆ نـاردن چونكە ئەو گونجاوە بۆ ئەو قەومە .

هـەروەها لـە حەسـەنی بەصـریەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هاتووە گوێی لـە پیاوێـك بـوو دوعـای لـە حـەججاج دەكرد، ئـەویش فـەرمووی: (لا تفعـل، انكم من أنفسكم أوتيتم إنمـا نخـاف إن عزل الحجاج أو مات أن يتولى علـيكم القردة والخنازير فقد روى أن أعمـالكم عمالكم وكما تكونوا يولى عليكم)[6].

واتـە: دوعـای لـێ مەكـە، چـونكە نـەفسو كـردەوەی خۆتـان چـۆنە لـەو شـێوەیەش هـاتووە بۆتـان، ئەگـەر حەججاج دوركەوێتەوە یان بمرێت ئـەوە نزیكـە گـاورو جولەكـە ببێـت بـە سەرپەرشتیارو حاكمتان، وە ڕیواتكراوە كـە سـەركردەكانتان بـەرووبوومی كردەوەكانتانـە، وە ئێـوە چـۆن بـوون ئەوانیش بەو شێوەیە دەبن).

**كـەوابوو:** خـراپ بـوونی كاربەدەسـتو سـەركردەكان بەرهـەمی كردەوەكـانی خۆمانـە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٦٥﴾ [آل عمران: ١٦٥] .

واتە: ئاخۆ كاتێك زیانتان پێ گەیشت لە تێكشكانەكەی ڕۆژی ئوحداو سـەرتان سـوڕما بەتایبـەتی كـە حـەفتا كەسـتان شەهید بوون، كە ئێوەش بەر لەو شەڕە (لـە بـەدر) دوو ئەوەنـدە زیانتـان بـەوان گەیانـد، حـەفتا كەسـیان كـوژرانو حەفتاشیان بە دیل گیران، وتتـان هـۆی دووچـار بوونمـان چـی بـوو؟ ئـەی پێغەمبـەر ﷺ پێیـان بڵـێ: ئـەوەی تووشـتان بـوو هـۆی سـەرەكی لـە خۆتانـەوە بـوو، چـونكە ئێـوە فـەرمانی پێغەمبـەرتانﷺ شـكاند، بەڕاسـتی خوای گەورە بەسەر هـەموو شـتێكدا بـە توانایە .

هەروەها خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠ ﴾

---

(6) (بڕوانە: ( كشف الخفاء: 147/1).

[الشورى: ٣٠] .

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ ﴿٧٩﴾ ﴾ [النساء: ٧٩] .

لە (منصور بن أبي الأسود) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (سألت الأعمش عن قوله تعالى: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٢٩﴾ ﴾ [الأنعام: ١٢٩]، ما سمعتهم يقولون فيه؟ قال: سمعتهم يقولون إذا فسد الناس أُمِّرَ عليهم شرارهم) .

واتە: پرسیارم لە ئەعمەش کرد دەربارەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٢٩﴾ ﴾ ئەوەی ئێوە بیستووتانە دەربارەی ئەم ئایەتە چییە؟ فەرمووی: بیستوومانە کە دەیانووت وەختێ کە خەڵکی خراپ بوو، جا ئەو کاتە کەسانی خراپ دەبن بە سەرکردەو کاربەدەستیان).

هەروەها (طرطوشي) لە کیتابی (سراج الملوك) دا دەفەرمووێت: (لم أزل أسمع الناس يقولون: أعمالكم عمالكم، كما تكونوا يولى عليكم، إلى أن ظفرت بهذا المعنى في القرآن؛ قال الله تعالى: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا ﴾ [الأنعام: 129] وكان يقال: ما أنكرت من زمانك فإنما أفسده عليك عملك. وقال عبد الملك بن مروان: ما أنصفتمونا يا معشر الرعية، تريدون منا سيرة أبي بكر وعمر ولا تسيرون فينا ولا في أنفسكم بسيرتهما، نسأل الله أن يعين كل على كل كما تكونوا يولى عليكم.

وقال قتادة: قالت بنو إسرائيل: إلهنا أنت في السماء ونحن في الأرض فكيف نعرف رضاك من سخطك؟ فأوحى الله تعالى إلى بعض أنبيائهم: إذا استعملت عليكم خياركم فقد رضيت عنكم، وإذا استعملت عليكم شراركم فقد سخطت عليكم.

وقال عبيدة السلماني لعلي بن أبي طالب رضي الله عنه: يا أمير المؤمنين ما بال أبي بكر وعمر انطاع الناس لهما، والدنيا عليهما أضيق من شبر فاتسعت عليهما ووليت أنت وعثمان الخلافة ولم

ينطاعوا لكما، وقد اتسعت فصارت عليكما أضيق من شبر؟ فقال: لأن رعية أبي بكر وعمر كانوا مثلي ومثل عثمان، ورعيتي أنا اليوم مثلك وشبهك!.)[7]

هەروەها لە کەعبی ئەحبارەوە (رەزای خوای لێ بێت) هاتووە کە دەفەرمووێت: (إن لكل زمان ملكا يبعثه الله على **قلوب** أهله، فإذا أراد بقوم صلاحاً بعث فيهم مصلحا، و إذا أراد بقوم هلكة بعث فيهم مترفا، ثم قرا: ﴿ وَإِذَآ أَرَدۡنَآ أَن نُّهۡلِكَ قَرۡيَةً أَمَرۡنَا مُتۡرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيۡهَا ٱلۡقَوۡلُ فَدَمَّرۡنَٰهَا تَدۡمِيرٗا ١٦ ﴾[8] [الإسراء: ١٦] .

واتە: بەڕاستی خوای گەورە بۆ هەموو کاتو سەردەمێك پادشاو سەرکردەیەك دەنێرێت لەسەر دڵی کەسانی ئەو سەردەمە (ئەگەر خەڵکی چاك بوون ئەوە خوای گەورە کەسی چاك دەکات بەسەرکردەیان وە ئەگەر خەڵکی خراپ بوون ئەوە خوای گەورە کەسی خراپ دەکات بە سەرکردەیان)، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت قەومێك بگۆڕێو صاڵحیان بکات ئەوە چاکسازو موصلحێك دەنێرێت بۆیان، وە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت قەومێك لەناوبەرێت ئەوە کەسی خراپ دەنێرێت بۆیان، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَإِذَآ أَرَدۡنَآ أَن نُّهۡلِكَ قَرۡيَةً أَمَرۡنَا مُتۡرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيۡهَا ٱلۡقَوۡلُ فَدَمَّرۡنَٰهَا تَدۡمِيرٗا ١٦ ﴾ [الإسراء: ١٦] .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا زۆر بەڕاشکاوی ڕوونی دەکاتەوە کەخراپ بوونی سوڵتە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بوونو دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە ئیسلام هەروەك دەفەرمووێت:

(لم ينقص قوم المكيال والميزان إلا أُخذوا بالسنين وشدة المؤنة وجور السلطان عليهم، ولم يمنعوا زكاة أموالهم إلا منعوا القطر من السماء)[9] .

واتە: هیچ قەومو گەلێك دەست ناکەن بەدزی وخیانەت لەتەرازوو و

(7) بڕوانە: (سراج الملوك: 467/2 ).

(8) بڕوانە: (شعب الإيمان: 7389).

(9) (صحيح الترغيب والترهيب: 2187).

پێوانەیاندا ئیلا خوای گەورە تۆڵـەیان لێ ئەکاتەوە بەگرانیو قورسی بـاری ژیـان، **وە سـتەم و زوڵمـی فـەرمانڕەواکانیان بەسـەریانەوە دەبێـت**، وە کـە زەکـاتی ماڵیـان دەرنەکـەن ئـیلا پـەروەردگاریش بارانیان لێ دەگرێتەوە ).

**حەسەنی بەصری (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) لەکاتێکدا کـە خـەڵکی بێـزاری دەر ئـەبڕن لـە دەسـت حـەججاج، بۆیـە ئامۆژگاریان دەکاتو دەفەرمووێت:**

(إن الحجاج عقوبة من الله عز وجـــل؛ فلا تستقبلوا عقوبة الله بالسيف، ولكـــن استقبلوها بتوبة وتضرع واستكانة، وتوبوا تكفوه)[10] .

**واتە: بەڕاستی حەججاج سزاو عقوبـەی خوایـە بـە سـەرتانەوە، لەبـەر ئـەوە رووبـەڕوی سـزای خـوا مەبنـەوە بـە شمـشێر، بـەڵکو پێویـستە تەوبـەو ملکەچی دەربڕن بۆ خودا، چونکە تـەنها گەڕانەوەتان بۆ لای خوا چارەسەرە ).**

**هـەروەها هـاتووە کـە موسـڵمانێك نامەیەك دەنێرێت بۆ محمد کوڕی یوسف کەتێدا سکاڵا دەکات لـە زوڵـمو خراپـەی کاربەدەسـتان، محمـد کـوڕی یوسـف وەڵامـی نامەکـەی دەداتـەوەو دەڵێـت:**

(بَلَغَني كتابُك وتَذكر ما أَنتُم فيه، ولـــيسَ يَنبَغي لمَن يَعملُ المعصيةَ أن يُنكرَ العُقوبـــةَ، ولم أرَ مَا أَنتُم فيه إلا مِن شُؤم الـــذنوب، والسلام)[11] .

**واتــە: نوســراوەکەتم پــێ گەیــشت، بـەڵام بیرێـك لـە کردەوەکـانی خۆتـان بکەنەوە، چونکە ناکرێ بۆ کەسانێك کـە تاوانو سەرپێچیان هەیە نکۆڵی لە سـزاو عقوبەی خوا بکـەن، وە مـن هـیچ شـتێك نابینم کە بووبێتە هۆکاری خـراپ بـوونی سەرکردەکانتان تەنها بە هـۆی کـردەوە خراپەکانی خۆتانەوەیە).**

**هـەروەها ئیمـامی** (ابـــن الارزق) **لـە کیتـابی** (بدائع السلك في طبائع الملك) **دا فەرموویـەتی:** (يجب على الرعية ملاحظة أن جور السلطان وعماله نتيجة أعمالهـــا الحائل عن نهج الصراط السوي، لما ســـبق من تقرير مدلول قولهم: كما تكونوا يولي عليكم. وبـــذلك أجـــاب ابـــن الجـــزار

---

(10) (رواه ابن أبي الدنيا في: العقوبات: 52).

(11) (**بروانە**: سراج الملوك: 467/2 ).

السرقسطي عن المستعين بن هــود، وقــد تشكى إليه بعض رعاياه من بعض عماله.

نَسَبْتُمُ الجَورَ لِعُمَّالِكُم ...
ونِمتُم عن سُوءِ أَفعالِكُمْ
لاَ تَنسبوا الجَورَ إِلَيهم فمَا ...
عُمَّالكُم إلاَّ بأَعْمالِكُمْ
تَاللهِ لَو مَلَكْتُم سَاعة ...
لم يَخطُر العَدلُ على بَالِكُمْ )[12]

**زولّــــم و خراپـــــه دەدەنــــــەپاڵ كاربەدەستان ...**

**وه بــێ ئاگــاو خــەو تــوون لــه كــردەوە خراپەكانی خۆتان**

**جا زوڵم وخراپە مەدەنـە پـاڵ ئـەوان ... تەنها بەرهەمی كارو كردەوەكانی ئێوەن كاربەدەستانتان**

**سۆیند بە خوا ئەگەر كاتژمێرێك ئێوە كاربەدەست بوونایە...**

**ئــەوە دادپــەروەری بــە خەیاڵتانـدا نــه دەهات**

ئیمامی (ابن القیم) (ڕەحمـەتی خـوای لــێ بێــت) **وتەیــەكی زۆر بــەنرخی لــەم بوارەدا هەیە كە دەفەرمووێت:**

**(تأمل حكمته تعالى في** ان جعل ملوك العباد وأمراءهم وولاهم من جنس اعمالهم بل كأن أعمالهم ظهرت في صور ولاتهــم وملوكهم فإن استقاموا استقامت ملوكهم وإن عدلوا عدلت علــيهم وإن جــاروا جارت ملوكهم وولاهم وإن ظهر فــيهم المكر والخديعة فولاهم كذلك وإن منعــوا حقوق الله لديهم وبخلوا بها منعت ملوكهم وولاهم ما لهم عندهم من الحق ونحلوا بها عليهم وإن اخذوا ممن يستضعفونه مــالا يستحقونه في معاملتهم اخذت منهم الملوك مالا يستحقونه وضربت عليهم المكــوس والوظائف وكلما يستخرجونه من الضعيف يستخرجه الملوك منهم بــالقوة فعمــالهم ظهرت في صور اعمالهم وليس في الحكمة الالهية ان يولى على الاشرار الفجار الا من يكون من جنسهم **ولما كان الصدر الاول خيار القرون وابرها كانت ولاهم كذلك فلما شابوا شابت لهم الولاة فحكمــة الله تأبى ان يولي علينا في مثل هذه الازمــان مثل معاوية وعمر بن عبدالعزيز فضلا عن**

(12) (بدائع السلك في طبائع الملك: 235/1).

مثل ابي بكر وعمر بل ولاتنا على قـدرنا وولاة من قبلنا على قدرهم )(13) .

واته: وردبەرەوە لە حیكمەتی خـوای گـەورە كـە چـۆن پادشـای بەنـدەكانیو پێشەواو كاربەدەسـتەكانیان لـە جنسـی كردەوەكانیـانن داینـاون، بـەڵكو كردەوەكانیـان لـە پادشـاو كاربەدەسـتەكانیاندا دەر ئەكـەوێتو ڕەنـگ دەداتـەوە (واتـە: ئەگـەر كاربەدەسـتان خـراپ بـوون ئـەوە بزانـە خەڵكی خراپن)، ئەگـەر ئـەوان ڕاسـتڕەو بـوون ئـەوە پادشـاو سـەرگەورەكانیان ڕاستڕەو و باش دەبن بۆیان، خۆ ئەگـەر ئـەوان لایـان داو خـراپ بـوون ئـەوە بەهـەمان شـێوە سەركردەكانیـشیان لادراو و خـراپ دەبـن بـۆ سـەریان، وە ئەگەر ئەوان ستەم كـارو زاڵـم بـن ئـەوە پادشاو كاربەدەستەكانیشیان ستەمكار دەبن، وە ئەگەر فێڵ تێیاندا ئاشكرا بوو ئەوە كاربەدەستەكانیشیان بەو شێوەیە دەبـن، وە ئەگـەر حـەقی خوایـان نـەداو ڕەزیلیـان تێـدا كـرد ئـەوە پادشـاو كاربەدەستەكانیـشیان حـەقی خۆیانیـان پـێ نـادەن ڕەزیلـی تێـدا دەكـەن، وە ئەگەر شتیان لە خەڵكی نەدارو بێ توانـا وەرگرت بـە ناحـەق لـە مامەڵـەو كڕینو فرۆشـتندا، ئـەوە كاربەدەستەكانیـشیان ئەو شتانەیان لێ دەبـەن بـە ناحـەق، وە بـاجو زەرییـەیان لەسـەر دائـەنێن، خـۆ ئەگـەر ئـەوان شـتی خـەڵكی هـەژاریان بردبێـت بـەفێڵ ئـەوە كاربەدەسـتەكان ماڵـەكانیان بـەزۆرو بـە زەبـری هێـز دەبەن، جا لەبەر ئەوە كاربەدەستانیان دەردەكەوێتو دروست دەبێ لـە وێنـەی كردەوەكانیانـدا، جـا لەبـەر ئـەوە لـە حیكمەتو دانایی خـوای گـەورەوە نییـە كە سەرپەرشتیارو كاربەدەستی باش بۆ خـراپترین كەسـان بنێرێـت تـەنها لـە جنسو هاوبـابی خۆیـان نـەبێت، جـا لـە كاتی یەكەمدا چونكە چاكترینی سـەدە بـوون ئـەوە سـەركردەو كاربەدەستەكانیان چاك بوون ...)

**هـەروەها** شـێخ ( العثـيمين ) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) لـە دوای باسـكردنی شـتێك لـە ژیـانی ئیمـامی عومەر ﵁ دەفەرموێت:

(13) بڕوانە: (مفتاح دار السعادة: 1/ 253).

(هكذا كانت سيرة الخلفاء في صدر هذه الأمة حين كانت الرعية قائمة بـأمر الله خائفة من عقابه راجية لثوابـه فلما بدلت الرعية وغيرت وظلمت نفسها تبدلت أحوال الرعاة وكما تكونون يولى عليكم)[14] .

واته: ئەوە بوو ژیانی جێنیشینەكان ( كەلەخواترسو دادپەروەرو ڕاستگۆ بوون ...) لەسەردەمی یەكەم دا، لەبەر ئەوەی خەڵكی بە فەرمانی خوایان دەكردو دەترسان لە سزای خوا، وە بەئومێدی پاداشتی خوا بوون، بەڵام وەختێ كە ئەو خەڵكە وەكو خۆی نامێنێتو دەگۆڕێو خراپ دەبنو ستەم لە نەفسی خۆیان دەكەن، ئەو كاتە حاڵی كاربەدەستانیش دەگۆڕێ بەوەی كە خراپ دەبن، لەبەر ئەوە ئێوە چۆن بن ئەوە كاربەدەستانیشتان بەو شێوەیە دەبێت ).

(14) (بروانه: الضياء اللامع في الخطب الجوامع).

**كەواتە ئەگەر ئەمانەوێت سەركەوتوو بین ئەوە:**

با لە خۆمانەوە دەست پێ بكەین، با چاو بگێڕین بە خۆماندا، با بزانین ئایە ئێمە بۆ خوای گەورە دەژین، وە چیمان بۆ دوا ڕۆژی خۆمان پێش خستووە، با نەخشەی ژیانمان بەیەكجاری لە بنەڕەتەوە بگۆڕین لە هەموو ڕوانگەیەكەوە، لەڕوانگەی بیروباوەڕو پەرستنو ئاكارو ڕەوشتەوە .

بەڵێ چارەسەری بنەڕەتو شایستە بریتییە: لەو گۆڕانكارییەی كە لە خۆماندا بەرپا دەبێت هەروەك وتراوە ﴿أقيموا دولة الاسلام في قلوبكم تقم لكم في أرضيكم﴾ .

واتە: دەوڵەتی ئیسلامی لە دڵەكاندا دروست بكەن، خوای گەورە دەوڵەتان لەسەر زەوی دا بۆ دروست دەكات.

تەنها ئەم ئایەتە بەسە ئامۆژگاریكەرمان بێت كە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ١١﴾ [الرعد: ١١] .

**واتــە: بێگومــان خــوای گــەورە بارودۆخی هیچ قـەومو گـەلێك ناگۆڕێت، تـاوەکو ئـەوان دڵو دەروونـی خۆیـان نـەگۆڕن، خـۆ هـەرکات خـوای گـەورە ویستی زیـانو بەڵایـەك بەسـەر گەلێكدا بهێنـێ (لـە دەرئـەنجامی سەرکەشـیو یاخی بوونیـان) هـەرگیز گەڕانـەوەی بـۆ نییە، وە هیچ کەسیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بکەوێتو ڕزگاریان بکات) .**

**لەکۆتاییـدا کورتـەی مەبەسـت بـە وتەیەکی جوانی شێخ** (عبدالمالك رمضاني الجزائري)**دێـنین کـە دەفـەرمووێت:** (لَيسَ المَقصودُ من البَحث في هَذه القَاعدة (كَما تَكُونوا يُولىَّ عَلَيكُم ) التسليمَ للواقِع مِـن غَير تسببٍ في الإصلاَح، بـل الإصـلاَحُ مطلوبٌ، ولاَ هوَ في عدَم الاعتِراف بفَساد الحالِ، ولاَ هو في ضَرورة السعي لإصلاَحه أو عدم ذلك، ولَكن الخلاَف في طَريقِـه، ومِن أجله اعتَنَى أهلُ العِلم بهَذه القاعـدة كما مرَّ؛ لأنَّها إذَا جُهلَت أو أُغفلَت ظـلَّ المرءُ يُكابدُ التَّغييَر من غَير بابِه، وكانَ كمَن يَقصدُ هدفاَ من غَير طَريقه، فمتَى يَصل؟!

والخطابُ هنا مُوجَّه إلى جَميع النَّـاس، لكنَّني أَخصُّ مُنهم صِنفَين :

1ـ أَصحابَ الحُلولِ السِّياسيَّة، معَ أنَّي بيَنتُ أنَّ السِّياسةَ من الدِّين.

2ـ أَصحابَ الحُلولِ الدَّمويَّة، معَ العِلم بأنَّ الجِهادَ هوَ ذِروةُ سَنام هَذا الدِّين.

فالأوَّلونَ ظنُّوا أنَّ الأَمـرَ يَحتـاجُ إلى السِّباقِ إلى السُّلطة !، والآخَرونَ مَا يرَونَه إلاَّ قَطف الرُّؤوس المُتسلِّطة ! لذَا، أَحببتُ تَبيينَ أَصل بليَّة المُسلمينَ؛ لأنَّ الاهتداءَ إلى تَعيينه يَعني الاهتـداءَ إلى العـلاَج؛ فـإنَّ التَّوصُّل إلى علاَج كلِّ داءٍ يَنطلِـقُ مـن جُذوره.

ولاَ شكَّ أنَّ فَسادَ حالِ المُسلمينَ في بلَدٍ ما سببُه فَسادُ الرَّاعِي والرَّعيَّة، وإذَا بـاتَ مَعلوماً أنَّ الرَّاعيَ قد يتـسبَّبُ في إفـسادِ الرَّعيَّة بما يَبثُّه فيهم من أَنظمـة مُخالفـة لشَرع ربِّ العالمينَ، فَلْـيُعلَم أنَّ فَـسادَ الرَّاعِي متسبَّبٌ عن فَسادِ الرَّعيَّة أوَّلاً؛ لأنَّ اللهَ قـالَ: ﴿ **وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ** ﴿١٢٩﴾ ﴾[الأنعـام: 129] ، ولَّما كانَ هَذا هو الأصل فإنَّ اللهَ عَزَّوَجَل جعَلَ إصلاَحَ الـنَّفْس الـسَّبيلَ الوَحيـدَ لإصلاَح الرَّاعي والرَّعيَّة، فقال:﴿ **إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ ۗ وَإِذَا أَرَادَ**

**ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ﴿١١﴾** [الرعد: ١١]، فلذَلكَ كانَ سيِّدُ المَصلحين ﷺ لا يَزيدُ في افتتاح خُطبه على التَّعوُّذ من شرِّ النَّفس، فيَقولُ: ((...ونَعوذ باللهِ من شُرورِ أَنفُسنا وسيِّئات أَعمالنا))، فلماذَا يُعرِض كَثيرٌ من الدُّعاةِ عن طاعة اللهِ في هَذا واتِّباع رَسوله ﷺ؟!

إنَّ الَّذي دَعاني لهَذه الكَتابة هو الإشفاقُ على الجُهودِ المَبذولة في الدَّعوة الإسلاَميَّة من أن تَضيعَ بلاَ فائدة تُذكَر، لاَسيما وأَنَّ هَذه الجُهودَ قَد شمَلَت مساحاتٍ وَاسعةً من مَجالاَت الدَّعوة وأَخذَت من أوقاتِ أَصحابها مَا لو استَرشَدوا فيها بهَدْي الكتَاب والسُّنَّة ونظَروا في سيرةِ الأَنبياءِ بعَين الاتِّباع لبلَغوا ــ بإذْن الله ــ الغايةَ في أَقصَر زمنٍ، ولكنَّ الَّذي يَنحرِف عن ذَلكَ من الصِّنفَين المُشارِ إلَيهما يُخشَى علَيه ألاَّ يَكونَ له نَصيبٌ من عمله هَذا سوَى نَظير مَا لمَن قالَ فيه ربُّنا عزوجل﴿ **عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ ﴿٣﴾** ﴾ [الغاشية: ٣] .

هَذه هيَ حالُ المُغالين في العمَل السِّياسيِّ، أمَّا في العلم فلاَ يَكادونَ يَعرفونَ منه سوى رَصد حرَكاتِ الأُمراءِ والرُّؤساءِ وحفظَ أَخطائِهم كما يَحفَظونَ أَسماءَ أَبنائِهم !

وأمَّا في الدَّعوةِ فلاَ يَكادونَ يَخرُجونَ عن مَضْغ أَعراض أُولئكَ وتَحفيظِها أَجيالَهم معَ إهمالِ الجَماهيرِ الَّتي يَغلُبُ علَيها الجَهلُ بدين الله عزوجل، ولقَد كادَ يمرُّ علَينا عُقودٌ من الزَّمنِ، وليسَ لنَشئنا فيها من حَديثٍ سوَى هَذا اللَّغوِ الزَّمنِ، مع المُبالغةِ في تَعظيم (فقه الوَاقع)، حتَّى إنَّه ليُلاَزمُه في الحضَر، ويُزامِلُه في السَّفر)[15]

## وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

(15) (بروانه پەرتوكى: كَما تَكُونوا يُولىَّ عَلَيكُم).